# ئافرەتان چەكێكی دوو سەرن

[ kurdish – كوردی – كردي ]

## شێخ محمد جميل زينو

وەرگێڕانی: ئومێد عمر چرۆستانی

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

2014 - 1436

IslamHouse.com

# المرأة سلاح ذو حدين

« باللغة الكردية »


محمد بن جميل زينو

ترجمة: أوميد عمر علي

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز



2014 - 1436

# ئافرەتان چەکێکی دوو سەرن

سوپاس وستایش بۆ خوای گەورە ومیهرەبان ودرود وصەڵات وسەلام لەسەر پێشەوای مرۆڤایەتی محمدی پێغەمبەری ئیسلام و ئال وبەیت و هاوەڵ وشوێنکەوتوانی هەتا هەتایە .

یەکەم : دوژمنانی ئیسلام لەهەموو چەرخ و سەردەمێکدا بە هەموو شێوە و هۆکارێك هەوڵیانداوە کە لە ژمارە نایەن موسڵمانان لە ئاینەکەیان دوور بخەنەوە، یەکێك لەو هۆکارانەش کە کردویانە بە ئامانج و وویستویانە و دەیانەوێت بەهۆیەوە موسڵمانانی پێ دوور بخنەوە لە ئاینەکەیان ئافرەتانی موسڵمانە، چونکە وەك دەزانین ئافرەتان نیوەی کۆمەڵگەن، ودایك وپەروەردەکاری نیوەکەی تریشن، بە صەلاح و چاکی ئافرەتان کۆمەڵگاش باش و چاك دەبێت، بە پێچەوانەشەوە بە

خراپ بوونی کۆمەڵگەیش خراپ دەبێت ولەبەر یەك هەڵدەوەشێت، لەبەر ئەوە سەیر دەکەین هەموو توانا و بیرو فکیری نەگریسی شەیتانی خۆیان خستوەتەگەر لەگەڵ بەکارهێنانی هەموو هۆکارەکانی ڕاگەیاندن لە تەلەفزیۆن و فیدیو وسەتەلایت وئینەرنێت هی تریش کە ئافرەتان ڕووت بکەنەوە و حەیا و شەرم وشکۆ نەهێڵین لای ئافرەتانی موسڵمان وبیکەن بە کاڵایەکی هەرزان بۆ بەلادابردنی گەنجان و لاوانی کۆمەڵگە ئیسلامیەکان .

دووەم: شەیتانانی ڕۆژئاوا بە هاوکاری و هاریکاری شەیتانەکانی ڕۆژهەڵات توانیان خوو ڕەوشتی ئافرەتانی موسڵمان خراپ بکەن و شەرم وشکۆی نەهێڵین وپۆشاك و کەرامەت و داوێن پاکیەکەی لێداماڵن، تاوەکو توانیان ئافرەت لەماڵەوە دەربهێنن و بە پیلانە نەگریسەکانیان بیانخەنە هەموو مەجالەکانی ژیانی ڕۆژانەوە بەبێ ڕەچاو کردنی ئەوەی لەگەڵ پیاواندا تێکەڵی یەکتری نەکرێن، نەك هەر ئەوەندە بگرە ئافرەتیان کرد بە ڕیکلام بۆ

برەودان بە کاڵا بازرگانیەکان، تا حاڵی حازر وایلێهاتووە کە هەموو کەلوپەلە بازرگانیەکان وێنەی ئافرەتێکی ڕووت یان نیوە ڕووتی پێوەیە، بەم شێوەیەش ئافرەتی موسڵمانیان لە ئاین و پۆشاکەکەی دورخستنەوە وبەو هۆیەشەوە خو ورەوشتی خێزانەکان وکۆمەڵگەیان تێکدا، خوای گەورەش سەرکەوتن وسەرمەشقی لە ئومەتی ئیسلام گرتەوە و خەشم و تووڕەیی خۆی بەسەردا ڕشتن، تا وامان لێهات ئێستا بووین بە زەلیل و سووك وڕسوا ترین ئومەت کە پێشتر لەهەموو ئومەتانی تر ڕیزدارتر و سەر بەرزتر بووین، عومەری کوڕی خەتابیش ( ڕەزای خوای لێ بێت ) ڕاستی ووتوە کاتێك دەڵێت : « **نحن قوم أعزنا الله بالإسلام، ولو ابتغينا العزة بغيره أذلنا الله** » واتا : ئێمە گەلێك بووین خوای گەورە بە ئیسلام سەربەرزی کردین و عیزەتی پێ بەخشین، وە ئەگەر بمانەوێت بە غەیری خوای گەورە سەربەرزی بەدەست بهێنین ئەوە خوای گەورە زەلیل و سووك وڕسوامان دەکات .

سێیەم: دەبێت ئەوەشمان لەبیر نەچێت کە ئینحراف ولەڕێلادانی ئافرەتان، ئینحراف کردن و بە ڕێلادابردنی ئافرەتان هۆکاری سەرەکی بوون بۆ لەناوچوون ودارِمان وپارچە پارچە بوونی حەضارەت و شارستانیە کۆنەکان، خوای گەورەش سزای سەختی بۆ دابەزاندن، لە بڵاوبونەوەی نەخۆشیە کوشندەکان و ئێش وئازاری جۆرا وجۆر (بۆ زیاتر وورد بونەوە لەم بابەتە دەتوانیت بگەڕێیتەوە بۆ کتێبی الحجاب ی ئەبو ئەعلای مەودودی لاپەڕە ٨ بۆ لاپەڕە ٣٨ ) .

چوارەم: لەم سەردەمەی خۆشماندا بیستومانە کە گڕکانێکی گەورە دای لە یەکێك شارەکانی وولاتی ئیتاڵیا کە ناوبانگیان دەرکردبوو بە بێ ڕووشتی و فەساد و لەشفرۆشی و یانەی شەوانە ڕۆژەی ئافرەتانی سۆزانی، خۆ ئەگەر سەرێکیش بدەین لە وولاتانی ئیسلامی لای خۆمان دەبینین بەهۆی بڵاوبوونەوەی زینا و خراپەکاری وبێ ڕەوشتیەوە کە خوای گەورە خەشم و توڕەیی خۆی ڕشتوە بەسەریاندا، هەر بەو هۆیەشەوە بومەلەزرە و شەڕ

وشۆڕ وفیتنەو ئاژاوەکان ڕۆژ لە ڕۆژ زیاتر بوون و دەبن، دەبێت ئەوەش بزانین خوای گەورە ئەم زەلیلی و ئاژاوە و فیتنە و نا ئارمیەمان لەسەر هەڵناگرێت تاوەکو تەوبە نەکەین ونەگەڕێینەوە بۆ لای خوای گەورە ومیهرەبان .

پێنجەم: گومانی تێدا نییە ئافرەتان خاوەنی توانا و بەهرەیەکی گەورە و لەڕادەبەدەرن کە دەتوانن ئومەتی ئیسلام جارێکی تر بنیات بنێنەوە، بەڵام بەو مەرجەی هەڵبسن بە ئەرکی ڕاستەقینەی و سەرەکی خۆیان کە بریتیە لە پێگەیاندی نەوەکانی دوارۆژ ئەویش بە پەروەردەکردنیان بەو شێوەی خوای گەورە ومیهرەبان فەرمانی کردووە، هەروەك چۆن دەتوانن ئومەتی ئیسلامیش بڕوخێنن و تێکی بدەن ئەگەر هاتوو شوێن هەواو وئارەزووەکانیان کەوتن و گوێیان بە ڕەوشتی داوێن پاکی خۆیان نەدا، بۆیە دەبینین پێغەمبەری خوایش ( صلى الله عليه وسلم ) لە بارەی ئافرەتانەوە فەرموویەتی : « إن الدنيا حلوة خضرة، وإن الله مستخلفكم فيها، فينظر كيف تعملون، فاتقوا الدنيا، واتقوا النساء،

فإن أول فتنة بني إسرائيل كانت في النساء » [رواه مسلم ] واتا : بێگومان دونیا شیرن وسەوز وڕازاوەیە، خوای گەورەش ئێوەی کردووە بە جێنیشین تێیدا، جا بۆیە سەرنج بدەن کە چۆن مامەڵە دەکەن، خۆتان بپارێزن لە دونیا وئافرەتان، چونکە یەکەم فیتنە وتاقیکردنەوەی بەنی ئیسرائیل بەهۆی ئافرەتانەوە بوو .

هەروەها فەرموویەتی : « ما تركت فتنة بعدي في الناس أَضرَّ على الرجال من النساء» [ رواه البخاري ] واتا : هیچ فیتنەو تاقی کردنەوەیەك لەدوای من بەجێ نەماوە زیانی زیاتر بێت لە ئافرەتان.

شەشەم: بێگومان وەك ووتمان ئافرەتان نیوەی کۆمەڵگەن و دایکی نیوەکەی تریشن، بەم پێیەش بێت ئافرەتان بریتین لە هەموو کۆمەڵگە، چونکە بە پاکیزەی و چاکی ئافرەتان هەموو کۆمەڵگەش باش وچاك دەبێت، هەروەك چۆن پێچەوانەکەشی ڕاستە .

وصلى الله وسلم على سيدنا محمد وعلى آله وصحبه وسلم

سەرچاوە : کتێبی تكريم الإسلام للمرأة